# خۆشەویستان، هاوڕێیان، هەیارانی ئازیز و دڵپاک

زۆر بە داخەوەین کە دەبێ سەرەخۆشی شەوە گوڵەکەی ئێمە و خۆشەویستەکەی هەموو ئێوە و خۆمانتان لێبکەین. باش دەزانین ئەو خەمەی کە بە قڵپەقڵپ لە دڵی ئێمەوە سەرریژ دەکات، دڵی هەموو ئێوەشی داگرتووە و بۆ جارێکیتر دڵی هەموومانی لێك گرێداوەتەوە و زۆر بیرەوەری هاوبەشی رۆژانی خۆش و سەختی زیندوو کردوەتەوە و هەموو ئەوانەش ژانی ئەم کارەساتەی بە ئێشتر کردووە. ئاخر شەوبۆ یەکێك لە یادگارەکانی کۆمەڵە لە شۆڕشی کوردستان، خۆشی، عیشق و شەر و ئاوارەگیمان بوو، ئەو خۆشەویستی خۆشەویستانێکیش بوو کە ئێستا لە ژیاندا نین. ئەو جوانەمەرگەی لە دەیان تۆپ باران و بۆمباران نەجاتی بوو و توانی لە ژیانی تاراوگە و لە کێبرکێ لەگەڵ لاوانی رۆژئاوادا بە بێ رۆژێك دواکەوتن، سەربەرز و بێ عوقدە و سەربەخۆ بەرەی خۆی لە قوراو دەربێنێ. ئەو لە هەر دیدارێکی لەگەڵ هەمووماں و لە هەر مەجلیسیکدا شادی هێنەر و ورەبەخش و هاندەر بوو بۆ ژیان، نەدەبوو وا بە هاسان و بە وەها مەرگێك لە ناوماندا نەمێنێ. راستە ژانی مەرگی شەوبۆ قورس و گرانە و بۆ ئێمەی دایك و باوکی و ئەسرینی خوشکی پێوانە ناکرێ، بەلام ژیانی ئەو پاك و پر ئەزموون و پر لە غەوغا و خۆشی بوو، شەوبۆ لە چەندین بۆنەدا توورەیی خۆی لە دڵ مردوویی و خەفەتبار کردنی ژیان دەربریبو و لەگەڵ ئەوەدا هەر لە منداڵیەوە زۆر بە هەست و پر لە ئیحساساتی ئینسانی بوو، دەیگوت و بۆی دەنووسین: Livet maste ga vidare واتە "ژیان دەبێ بەرەو پێش بروا" .

بەڵی ژیان دەبێ بەرەو پیش بێ و ئەو روانینەی شەوبوو بە هەمووماں دەڵێ ئەو ئاواتی چی بوو و چی دەویست، کە وایە با دڵی نەشکێنین، لێی فێر بین و غەمی گەورە و گرانی نەکەینە شەپۆڕ و گریان، بەڵکوو بیکەینە هێز بۆ خۆشی ژیانی ئینسانی و بۆ ئاسودەیی زیندووەکان و هەموو رەفیق و خۆشەویستانی شەوبۆ. با لە ماتەمینیدا جارێکی دیکە ئەو بەها سادە و ئینسانیانە بەرز رابگرین کە هەمووماں لە شەوبۆدا بە دیمان دەکرد، بە خەمی هەموانەوە بوو، لە هەموو ساتەکانی ژیانی بە چەشنێك و بۆ کارێك بەهرەی وەردەگرت و بە بێ ترس هەموو قسە و بەسەرهات و باوەرێکی خوی باس لێدەکرد و پر بە دڵ عەداڵەت خواز و ئینسان خۆشەویست و یاریدەدەری هەموو رەفیقەکانی بوو. شەوبۆ هەرچەند جار

جار کار و چالاکی سیاسی ئێمه بۆ ئەو گران تەواو دەبوو بەڵام هەر هاندەرمان بوو و دەیگوت خۆم به سەربەرز دەزانم. وەرن با پێکەوه ژیان و پێکەوەمانمان بو جوانی و خۆشی ژیانی هەمووان بێت، ئەوه باشترین رێزگرتنه له شەوەگوڵەکەی ئێمه و ئێوه. ئێمه له قوڵایی دڵمانەوه سپاسی هاودەردی و هاوخەمی هەموو ئەو کەسانه دەکەین که لەم رۆژه سەخت و رەشانەدا هەر یەکه به جۆرێك، به تەلیفوون، ایمەیل، نامه و دیدار و یان ئەرك وەئەستۆگرتن، خەمتان لەگەڵ هەڵگرتین و گەورەییتان نواند. ئاواتەخوازین جارێکی دیکه تراژیدی ئاوا بۆ کەس دووپات نەبێتەوه و شەوبۆش عومری درێژی بۆ یاران و دۆستان و هەوا لآنی خۆی و رۆلەکانی ئێوه به جێ هێشتبێ و درێژەی ئاوات و ژیانی ئەو له تەمەن درێژی هەمووواندا وەدی بێت.

جەمیله رەحیمی و عومەر ئێلخانیزاده

_2004-06-12